Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.29 12:27:18 +01'00'

# پەیڤستانی مەرگاوەر

ئەحمەد دەشتی

لەپەیڤستانی پڕ ئازار
خەمەکانم وەدی دەکەم
لە ئاسۆی ڕوونی زۆر لێ دوان
شەوی تارم دیار دەدەن
کە دەڕوانم بۆ وەڵاتێکی سەربەخۆیی کوردەواری
نەهامەتی و ئازار و خەم وەدی دەکەم
هەرچی کەوا لێم دیارە و دێتە بەرچاو
لەئاسمانی پێ بڕاوی خەماوی کورد
ئازارەکان ڕووم تێ دەکەن
ژانەکانم ژوور دەکەون و دڵم دەگرن
بۆیە هەدرەم نەهامەتی و ژانی دڵم
لە هۆنراوەی هەست و بیرم دەهۆنمەوە
لەو دیو پەردەی پەیڤی ناڕاست
دێم و دەڕۆم هەر دەروانم
تەنیا ئەوەی لێم دیارە
بەختی ڕەشی وەک قەقنەس و
ڕۆژی دوونی کوردستانە
لەو ئاسۆیە وەدی دەکەم
بۆیە تابلۆی هەر شیعرێکم
پڕ دیداری شەوی تارە
تەنیا ئەوەی دڵ شـاد دەکا
هیوای بەرزی نەبراوەیە لێم دیارە
لە ئاسۆی ڕوون دەردەکەون و
هاوار دەکەن وام پێ دەڵێن
کە تاریکی شەوی یەلداش
دەبرێتەوەو خەم رامەگرە
چونکە خۆری ژیان بەخش
هەر هەلدێت و
تارماییەکان دەبرێـنـتەوە
لە دوای خەم و ئازارانیش
ڕاستە دەڵێن شادی و خۆشی هەر دێتەوە
*